# عوسمان قادر ئەحمەد لە تەیت برتش

مەریوان جەلال- لەندەن

تەیت برتش یەکێکە لە بەناوبانگترین مۆزەخانەکانی جیهان کە چەندەها شاکاری هونەرمەندانی گەورەی جیهانی تیادا نیشان دراوە ئەم مۆزەخانەیە لە شاری لەندەنە و دەکەوێتە سەر رووباری تایمز.

شاکارەکانی ئەم مۆزەخانەیە بە سەر چەند سەردەمێکی جیاوازی هونەریدا دابەش کراوە وە ئەوەی کەزیاتر ئەم مۆزەخانەیە لە مۆزەخانەکانی تری ناو ئنگلتەرا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە زۆرترین کاری هونەرمەندانی ئینگتەرا لێرە ئەبینرێت وە ئەمەش وای کردووە سالآنە خەلکێکی زۆر سەردانی بکات , لەنزیکەوە کارەکانی میلاس و تێرنەر و فرانسیس بیکۆن ببینن.

وە ئەوەی جێگای سەرنجە لەم مۆزەخانەیە دا بەشێکی تایبەت بە کارەکانی هونەرمەند تێرنەر هەیە کە لە سالّی 1856 نزیکەی 5سالّ دوای مردنی تێرنەر زۆربەی کارکانی کە لە ستودیۆکەی دا مابوو کە بە میراتی تێرنەر دادەنرێت بریتیبوون لە 300کاری زەیتی و 30,000سی هەزار سکێچ وئاوی لەگەلّیاندا 300 دەفتەری سکێچ وە ژمارەیەکی کەم لە کاری تێکەلاّو ئێستا لە تەیت برتش پارێزاون.

ئێستا وە بۆ ماوەی شەش مانگ لە یەکێك لە ژوورەکانی ئەم بەشەی هونەرمەند تێرنەر تەرخان کراوە بۆ ئەو پرۆژە هونەرییەی بریتیە لە کاری 58 هونەرمەند وە تەنها هێلکاری 35 هونەرمەند هەلّبژێراون<u>Stephen Farthing</u>پرۆفیسۆر کە زیاتر لە هەزار کاری هونەرمەند تێرنەریان نیشان داون.

ئەوی جێگای خۆشحالّیە هونەرمەندی کورد <u>عوسمان ئەحمەد</u> یەکێکە لە بەشداربوانی ئەم پرۆژەیە کە ئەم رووداوە بە کارێکی مێژووی دادەنرێت لە مێژووی هونەری کورددا( ئەگەر چی من ئاگاداری هەوالّی هونەرمەندانی تری کورد نیم ئەگەر کاری لەم جۆرە هەبێت و باس نەکرابێت یان دۆکومێنت نەکرابێت) هەر یەك لە هونەرمەندان یەکێك لە کارەکانی تێرنەر هەلّدەبژێرێت کە لە رێگای بینینەوە سەرنجی رادەکێشیت بۆ ئەوەی شتێك لە هونەرمەندی گەورە فێربن وە لە کاتێکا لە کۆتای کارەکاندا ئەنجامێکی جیاواز و وە هونەرمەندەکان کۆبونەوەیکی خۆشیان ئەنجام دا لەگەلّ ئەم ئەزموونە.

هونەرمەند عوسمان یەکێك لە کارەکانی تێرنەری هەلّبژاردوە و وەلە ماوەیەکی کەم دا کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە وە یەکێکە لە کارە سەرکەوتوکانی هۆلّەکە, بابەتەکە سروشتە کە هونەرمەند دەلّێت ئەم کارەی تێرنەر زۆر سەرنجی راکێشام کارەکە ی تێرنەر بۆ من زۆر لە سروشتی قۆپی قەرەداغ دەچوو وە بۆ چەند ساتێك رای وەستانم.

لە پەراوێزی کارەکەیدا هونەرمەند دەلّێ:

بۆیه ئەم کارەی تێرنەرم هەڵبژارد لە بەر ئەوەی قوڵاییەکم لە کارە کەدا بەدی دەکرد کە منی بەرەو ناوەوەی دیمەنەکە راکێشا کە پر بوو لە سیحر و ووردەکاری. لە بینینی کارەکە سەرم سورما ئەم ویست بچمە ناو پێستی تێرتنەرەوە هەتا هەستی پێبکەم بزانم چۆن ئەم شاخ و درەختانەی کێشاوە, بیرەوەریەکانی منی زیندو کردەوە.وە کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ خۆم ئەم ویست بزانم یەکەم دەست وەشاندنی لەکوێوە بووە. بەکارهێنانی خەتی پان و ووردەکاری لە سێبەر دانانی کارە بەرەو ناوەوەی هێڵکارییەکەی راکێشام ئەم ویست منیش بە هەمان شێوەی ئەو دەستم بجوڵێنم, ئەگەر چی هەست دەکەم زۆر ماوە بۆ ئەوەی کە لەم کەڵە هونەرمەندە زیاتر فێربم. وە لە رێگای ئەم سایتەوە دەتوانیت پرۆژەکە ببینیت:

http://www.tate.org.uk/britain/exhibitions/drawingfromturner/drawings.shtm







